# شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات

قوبادی جەلی زادە

زێوان ،
تا ئەودیو دەروازەی گۆڕستان
شەهید راو ئەنێ .
ئەو دەڵێ "شەهید
کێلەکان ، بەخوێن پیس دەکات .
مردووەکان دەتۆقێنێ !
ئەو دەڵێ " برینی شەهید
دەریاچەیگوفەکەو
نیشتمانی مێش!!

شەهید .. ،
بەپێی پەتی
بە سەروو ریشی چڵکن و
بە لەشی ئەنجن ئەنجن و
بە کفنی کونکونەوە ،
بەسەر شۆستەکانا رەت دەبێ و
لەتر دەدا !

شەهید ..
لەراستە شەقامێکی شاردا
پیاسە دەکات .
تەنیا
تەنیا
تەنیا !
تەنیا خۆی و خەفەت .
تەنیا خۆی و خوێن .
تەنیا خۆی و خەسارەت .

ش ە ه ی د ،
پیر بووە ...

**پیر**
**پیر**
**پیرێك ، پیرتر لە پیری**
**پیرێك " بێ گۆچان .**
**بێ خەون .**
**بێ  خەڵوەتگە .**

**ش**
**ە**
**هـ**
**ی**
**د**
**، پیاسە دەكات ..**
**منداڵێك ، چەپكە گوڵێكی ناداتێ .**
**ڕێژنەیەك ، برینەكانی تەڕ ناكات .**
**ژنێك ، مەمكی بۆ رووت ناكاتەوە .**

**ش**
**ە**
**هـ ی**
**د ،**
**لەسەر  تەختەی قوتابخانەدا ،**
**فەرامۆش !**
**لە مانشێتی رۆژنامەدا ،**
**فەرامۆش !!**
**لە خوتبەی جومعەدا ،**
**فەرامۆش !!!**

شەهید ، باوەش دەکا بە دارتەلێکی ئاگرین و
دەڕوانتە بازاری ژن ان .
پۆلێ مەمك لە شەققەی باڵ دەدەن .
(( تەنیا بۆ کەوانەی پەلاپیتکە ،
خودا
ئەو پەنجە باریکانەی
بەمن بەخشی بوو !
تەنیا بۆ گوشینی دڵی نارنجۆك ،
خودا
ئەو ناو لەپە زبرانەی
بەمن بەخشی بوو
تەنیا بۆ سوور کردنی سەنگەرو قەبر ،
خودا
ئەو چۆڕاوگە خوێنەی
بەمن بەخشی بوو ! ))

شەهید..
سواری پاس دەبێت ..
دەستە چرچەکانی لە ستوونێکی تەزیو گیر دەکات و
بە پێوە دەوەستێ !
لەڕ ، وەك تەنیایی .
کز ، وەك چاوی تاریکی .
لەرزۆك ، وەك ئەژنۆی بوومەلەرزە !
شە
هی
د
، بەسەر کۆشی ژنێکدا ،
لار دەبیتەوە
شوفێر ، قاقا . سەکن ، قاقا .
کورسیەکان ، قاقا !
شەهید ، سوور هەڵدەگەڕێ .
شەهید ، عەرەق دەکاتەوە .
شەهید ، تەریق دەبێتەوە !

شەهید ..
لەگەرەکی شەهیدانا ،
دائەبەزێ .
تەپ ... تەپ ..

تەپتەپتەپ ..
تە .. پ
ت.. ە ..
تا فرمێسکی شل دەبن
تا هاواری شل دەبن
تا برینی شل دەبن ،
لە دەرگا دەدا .
تەپتەپتەپ
تەپ ..تەپ

تە
پ
ت .. ە
ماڵ .. چۆڵ !
چۆڵ !
چۆڵ !
چۆڵ ، وەك ئاگردانێکی بێ پشکۆ .
چۆڵ ، وەك گۆزەیەکی بێ شەراب .
چۆڵ ، وەك مزگەوتێکی بێ خودا .
جاڵجاڵۆکەیەك پێی دەڵێ :
ژنەکەت ، شووی کردۆتەوە بە خائنێك !
کچەکەت ، ڕەدوو کەوتووە !
کوڕەکەت ،
لەبەردەم سینەمایەکی مەشبووها ،
(( تۆ (( ئەفرۆشێ .
تۆ کدوو !!

شەهید ..
لەترسی هویهای منداڵی گەڕەك .
لە ترسی بەرد باران .
لەترسی حەیاچوون ،
خۆی داوێتە کەلاوەیێ .
پۆستەرە ڕەنگینەکانی، گڕ دەدا
بەهەردوو دەست دەکێشێ بەتەوقی سەریا
بەسەر دەفتەری سەروەریدا ،

**بەكولّ ئەگری !**

**شەهید..**
**تا شەهید دەبیّ ،**
**بەكفنی سوورەوە ، پیاسە دەكات .**
**كفنیّك ،**
**شلّپەی دیّ لە تەنیایی**
**شلّپەی دیّ لە پەشیمانی**
**شلّپەی دیّ لە نائومیّدی !**